له پێناو بەدەستهێنانی سیستمێکی گشتیی مۆدیرن و شەفاف له بواری گرێبەسته گشتیەکان بۆ کاری پێکردن له حکومەت وەك ستراتیژیەتی دەستپاکی (النزاهة)، وه بۆ یارمەتیدانی حکومەت له بەدەستهێنانی بەرزترین بەهای پارە و کارامەیی له خەرجکردن و به فیڕۆنەدانی. وەزارەتی پلاندانان به هەماهەنگی لەگەڵ بانکی نێودەولەتی له رێکەوتی 2015/8/30 کۆنگرەیەکی تایبەت به دەرکردنی بەڵگەنامە ستانداردەکانی گرێبەستکردن بۆ هەردوو بواری (دابینکردنی کاڵا و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری راوێژکاری ) له هەولێر ئەنجامدا بەئامادەبوونی کۆمەڵێك له بەرپرسان و فەرمانبەرانی حکومی و کەرتی تایبەت لەم بوارە.



